# نهێنی پشت لێدوانەکانی ئەردۆگان!

**(بەشی دووەمو کۆتایی)**

**نووسینی: ئیسماعیل ئیبراهیم ڕواندزی**

لە کەس شارەوە نییە کە ئەمڕۆ تورکیا لە تەنگەژەیەکی ناوخۆیی قووڵ دەژی بە پەیدابوونی دوو کێشەی بنچینەیی کە هەردوکیان ڕەگوڕیشەی مێژووییان هەیەو ئاکامی درێژماوەشیان لەسەر سەقامگیری سیاسیو کۆمەڵایەتی کۆماری تورکیا دەبێ، ئەوانیش:

یەکەم: سەرهەڵدانی قلێشی کۆمەڵایەتیو سیاسی توندو چڕبوونەوەی لە چوارچێوەی کێشمەکێشی نێوان ڕەوتە ئیسلامییەکانو کەمالیستەکان.

دووەم: توندبوونی زیاتری قەیرانی تاک ناسنامەی کولتوریو سیاسی کۆماری تورکیا لە ئەنجامی بەهێزبوونی ووشیاری نەتەوەیی کوردو بزووتنەوە سیاسییەکەی لە لایەکو زیندووبوونەوەی ڕەوتە ئیسلامییەکان لە لایەکیتر.

لە ساڵی 1996 بۆ یەکەمین جار لە دەوڵەتی کەمالیستی تورکیادا پارتیکی ئیسلامی ( پارتی رەفا) توانی بگاتە دەسەڵات. گەیشتنی پارتی رەفای ئیسلامی بە سەرۆکایەتی نەجمەدین ئەربەکان پەیامێکی ترسناک بوو بۆ سووپاو ئیلیتی کەمالیستی تورکیا لەمەڕ زیندووبوونەوەی ئیسلامی سیاسی. دیارە من لێرە مەبەستم ئەوە نییە کە ئیسلامی سیاسی زاهرەیەکی نوێیە لە تورکیا، چونکە لەگەڵ سیکۆلاریبوونی سەرخانی سیستەمی تورکیا، بەس هەستو باوەڕو ڕەوتە ئایینیەکان هەمیشە ئەکتیڤ بوونە لە تورکیادا. تەنانەت لەسەردەمی ئەتاتورکیش دەزگایەک بۆ کاروباری ئایین هەبوو، کە ڕۆڵی گونجاندنی ئایینی لەگەڵ پێویستیەکانی دەوڵەتی کەمالیستی پێسپاردرابوو. بەس ئەوەی نوێ بوو ئەمجارە، ئیسلامییەکان بە سەرۆکایەتی ئەربەکانو پارتی رەفای ئیسلامی بە پرۆگرامو ئەڵتەرناتیڤێکی تەواو هاتنە مەیدانو توانیشیان تا ڕادەیەکی زۆر جێگەوڕێگەی بێڕکابەری کەمالیستەکانو سیکۆلاریستەکان لە مەیدانی پراکتیکو ئایدۆلۆژیای سیاسی بهەژێنن. ئەربەکان، لەگەل ئەوەی خاوەنی مێژوویەکی درێژی سیاسی بوو، بەس کەسێکی زۆر پراگماتیکی نەبوو، وە هەروەها زۆر پەلەی بوو لە ڕێکخستنەوەی کۆماری تورکیا، بەشێوەک کە بەهاو سیاسەتە ئیسلامییەکانی تێیدا باڵادەست بێت. ئەربەکان تەواو لە قووڵی سەختی دابڕاندنی کۆماری تورکیا لە

ڕۆژئاواو ئالۆزی واقعی تورکیا تێنەگەیشتبوو و بێئاگابوو لەوەی کە بۆ تورکیا مەسەلەکە زۆر لەوە ئالۆزترە کە حکومەتێکی ئیسلامی یان پارتێکی ئیسلامی بتوانێ دابڕانێکی دراماتیکی دروست بکات لە نێوان ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوا، لە نێوان کەمالیزمو کۆماری تورکیادا. لەگەڵ ئەوەش ئەربەکانو پارتی ڕەفا ڕێگایان خۆشکرد کە ئیسلامییەکان بۆ دەسەلاٚت بگەڕێنەوە لە ڕێگەی ئەردۆگانو پارتی AKP. ئەردۆگان لە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەلاٚت سیاسەتێکی تایبەتو جیاوازی لە پارتی رەفاو ئەربەکان گرتەبەر لە پەیوەند بە سیاسەتی ناوخۆییو دەرەوەدا، بەجۆرێک لە سیاسەتی دەرەوەدا هەوڵیدا لەیەک کاتدا پەیوەندی خۆی لەگەڵ وڵاتانی ئیسلامیو ڕۆژئاوا بەهێزبکا و  لە سیاسەتی ناخۆییشدا بە پشتبەستن بە فۆڕمو فاکتەرە گۆڕاوەکانی ئایدۆلۆژیای سیاسی هەوڵی سازکردنی ئایدۆلۆژیایەکی ئاییندا کە تیایدا بتوانرێ جۆرێک لە پێکەوەژیان لە نێوان سووپاو ئیلیتی سیاسی کەمالیستیو ئیسلامییەکان دابین بکا. ئەردۆگان زۆرباش سوودی لە هەڵەکانی ئەربەکان وەرگرتو پەلەی نەکرد لە سەپاندنی بەرنامەکەی، بۆیە لەوەتەی پارتەکەی ئۆردۆگان (AKP) هاتۆتە سەر دەسەلاٚت، سیستەمی دەسەلاٚتی تورکیا لەسەرخۆ بەلاٚم سیستیمایک لەلایەن  ئیسلامییەکان بەرەو ژێر ئایدۆلۆژیای ئیسلامی دەبردرێ.

حکومەتی ئەردۆگان توانی کۆمەڵێک سەرکەوتن لە گفتۆگۆکانی سەبارەت بە ئەندامەتی تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەورپا، بەدەست بێنێ، کە ئەمە ئەگەرچی جێگەوڕێگەی حکومەتی جەماوەریتر کردەوە، بەس زیاتر ڕووبەڕووی ڕەخنەی سووپاو ئیلیتی سیاسی کەمالیستی و ڕەوتە ناسیونالیستە توندڕەوەکان، کە پێیانوایە  یەکێتی ئەوڕوپا هەوڵدەدا جێگەوڕێگایان لە دەزگاکانی دەوڵەت بێهێز بکا، کردەوە، بە جۆرێک حکومەتیان تاوانبار کرد بە دانی تەنازولاتی گەورە بۆ ئەوڕوپییەکان کە ئاکامی ترسناکی لەسەر ئاسایشو یەکپارچەیی خاکی تورکیادا هەیە. ئەمانە بەمە نەوەستان بەڵکو لە ڕاستای کەمکردنەوەی باقوبریقی پێشڕەوییەکانی حکومەتی ئەردۆگان لە مەسەلەی ئەندامەتی یەکێتی ئەوڕوپا, حکومەتو فراکسیۆنی پارتی AKP انی لە پەرلەمان بە نەبوونی سیاسەتێکی ڕۆشن بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئالوگۆڕەکانی ئێراقو حکومەتی باشووری کوردستان تاوانبار کرد. لەمەشدا سووپاو ڕەوتە ناسیونالیستە توندڕەوەکانی تورکیا دەیانویست بە شکستەکانی حکومەت لەگەڵ پەروەندەی ئێراقو باشووری کوردستانو PKK گومان بخەنە سەر سیاسەتەکانی حکومەتو لەوێشەوە کاریگەری دابنێن لەسەر نفوزی جەماوەری حکومەت بۆ بێهێزکردنیو دوایش لابردنی لە دەسەلاٚت. پێناچێ حکومەتی ئەردۆگان ئاگاداری مەبەستی سووپا و بارودۆخی ترسناکو ئالۆزی ئێراقو مەسەلەی باشووری کوردستان نەبێ، بۆیە دەبینین حکومەتی ئەردۆگان هەر لەسەرتاوە لە ترسی کەوتنە ژێر ڕەحمەتی سووپا، لە ڕووی پراکتیکەوە زۆر خۆی تێکەلاٚوی ئالۆزییەکانی ئێراق نەکرد. بەلاٚم ئەردۆگان لە هەمان کات هەست بە گرنگیو کاریگەری ئالوگۆڕەکانی ئێراق لەسەر داهاتووی تورکیا دەکا، بۆیە هەوڵدەدا  پێش هەڵبژاردنەکانی

**داهاتوو شتێک بکا لە ڕاستای دەمکوتکردنی ڕەخنەگرەکانی لە پەیوەند بە سیاسەتی حکومەت لەمەڕ ئێراق‌و کوردەوە. لێرەدایە کە سەرچاوەی دوایین لێدوانەکانی ئەردۆگان دەتوانرێ زۆرتر لە پەیوەند بە کێشمەکێشی نێوان ڕەوتی ئیسلامی‌و کەمالیستی لەسەر دەسەڵات‌و ناسنامەی حکومەتی داهاتوو ببینرێ، لەوەی گۆڕانێکی پۆزەتیڤانە بێت لە هەڵوێستی حکومەت بەرامبەر دەسەڵاتی باشوورو کێشەی کورد لە باکوور. لەگەڵ ئەوەشدا کورد دەبێ ئەم کێشمەکێشە بقۆزێتەوە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی‌و هەوڵدا بۆ ئیلیتی سیاسی و گەلی تورکیا ڕۆشن بکاتەوە کە لابردنی بەربەستەکانی بەردەم تورکیا بۆ بنیاتنانی وڵاتێک کە بتوانێ ڕووبەڕووی کێشەو مەترسیەکانی سەدەی بیستویەکەم ببێتەوە، پەیوەندی بە چارەسەری کێشەکانی نێوان ئیسلامییەکان و کەمالیستەکانەوە نییە، بەڵکو کێشەی بنچینەیی تورکیا لە ڕاستیدا هەڵبژاردنە لە نێوان دەوڵەتێکی ستەمکارو مەرکەزی لە بەڕێوەبردنی وڵات یاخود دەوڵەتێکی چەند ناسنامەیی‌و دیموکراتیک‌و سیڤیل لە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکان‌و کێشەکان.**

25 فێبریوەری 2007